چۆن ئاسوودە بم لە کاتێکدا خاوەن کەڕەناکە؛ کەڕەناکەی گرتووە وسەری داگرتووە وبە وریایی دەبیستێت وچاوەڕێ دەکات فەرمانی پێبکرێت کە فوو بکات؛ ئەویش فوو دەکات (بە کەڕەنادا)

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «چۆن ئاسوودە بم لە کاتێکدا خاوەن کەڕەناکە؛ کەڕەناکەی گرتووە وسەری داگرتووە وبە وریایی دەبیستێت وچاوەڕێ دەکات فەرمانی پێبکرێت کە فوو بکات؛ ئەویش فوو دەکات (بە کەڕەنادا)»، مسوڵمانان ووتیان: چی بڵێین ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «بڵێن: (حسبُنا اللهُ ونِعْمَ الوَکیلُ توکَّلنا علی اللهِ ربِّنا)*»، ولەوەیە سوفیان ئەمەی وتبێت: (توکَّلنا علی اللهِ ربِّنا). *(واتە: تەنها خودا بەسە بۆ ئێمە، وهەر ئەو زاتە باشترینە کە هەموو کاروبارەکانمانی پێ دەسپێرین، تەوەکول وپشت بەستنمان بە اللە یە پەروەردگارمان)

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: چۆن ئاسوودە دڵخۆش بم بە دونیایە وچێژی لێوەربگرم، لە کاتێکدا قیامەت نزیک بووەتەوە، وئەو فریشتەی سپێردراوە بە فووکردن بە کەڕەناکەدا -کە ئیسرافیلە علیه السلام-؛ کەڕەناکەی گرتووە وسەری داگرتووە دەمی خستووەتە سەر کەڕەناکە وبە وریایی دەبیستێت وچاوەڕێ دەکات وئامادەیە بۆئەوەی فەرمانی پێبکرێت کە فوو بکات؛ ئەویش فوو دەکات بە کەڕەنادا، هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان وزەویدا لەناودەچن -جگە لەوانەی خوای گەورە بیەوێت نەمرن- پاشان قیامەت هەڵدەستێت، بۆیە ئەم بابەتە زۆر مەزن وقورس بوو لە لای هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- ووتیان: چی بڵێین ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: بڵێن: (حسبُنا اللهُ ونِعْمَ الوَکیلُ توکَّلنا علی اللهِ ربِّنا)*؛ واتە تەنها پشت بە خوای گەورە دەبەستین وتەوەکول بە ئەو دەکەین وتەنها پەنا بە ئەو دەگرین وتەنها داوای بە هانا هاتنمان لە ئەو دەکەین. *(واتە: تەنها خودا بەسە بۆ ئێمە، وهەر ئەو زاتە باشترینە کە هەموو کاروبارەکانمانی پێ دەسپێرین، تەوەکول وپشت بەستنمان بە اللە یە پەروەردگارمان)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10545